هاوڕێ کەمال شاکر پێشوازی لە وەزیری کاروباری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەکات

هەفتەی رابردوو لە بارەگای مەکتەبی سیاسی هاوڕێ کەمال شاکر سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبمان پێشوازی کرد لە بەڕێز جۆرج مەنسور وەزیری کاروباری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەم دانیشتنەدا وێڕای بەخێرهێنانی گەرم باس لە چۆنیەتی کاراکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان کرا.

حزبمان پێشوازی لە شاندێکی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان دەکات

دوێنێ سێ شەممە ڕێکەوتی ٣٠/ ١/ ٢٠٠٧ کاتژمێر (٥)ی ئێوارە لە بارەگای مەکتەبی سیاسی هاوڕێیان مامۆستا ڕەوند ئەندامی مەکتەبی سیاسیو هاوڕێ ئەحمەد شێروانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی ناوەندیو ئازاد بەختیارو هاوتا ڕەسول ئەندامانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی ناوەندی حزبمان حزبی شیوعی کوردستان، پێشوازییان کرد لە شاندێکی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز مام (خدر) سکرتێری گشتیو یاوەرێتی خەلیل باپیرو خەلیل مەحمود ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، لە دانیشتنەکەدا باس لە ڕەوشی سیاسی ئەمڕۆی کوردستانو ناوچەکە بە تێرو تەسەلی کرا، لە تەوەرێکی تردا جەخت لەسەر پەیوەندییەکان کرایەوە..

سوپاسنامە

سوپاسنامەیەك لە هاوڕێ عەلی زەنگەنە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبمان
سوپاسی هەموو ئەو دۆستو هاوڕێو خۆشەویستانە دەکەم کە لە کاتی بریندار بوونم بەهۆی کارەساتی ئۆتۆمبێل لە هۆڵەندا بە سەردان و تەلەفۆنو ئیمێلو فاکس بە سەریان کردینەوە. دووبارە سوپاس بۆ هەموو لایەك

عەلی زەنگەنە
ئەندامی مەکتەبی
سیاسی حزبی شیوعی کوردستان

بڕوسکەی ماتەمینی

بەڕێز هاوڕێ دکتۆر فەرهاد
بەڕێز بنەماڵەی کۆچکردوو
بە خەمو پەژارەوە هەواڵی کۆچی دوایی باوکی بەڕێزتانمان پێ گەیشت، خۆمان بە خاوەن پرسە دەزانینو بەشداری خەمتانینو هیوادارین ئەمە دوا کۆستی بنەماڵەکەتان بێت، دووبارە پرسەمان قبوڵ بفەرموون.

مەکتەبی سیاسی
حزبی شیوعی کوردستان

بڕوسکەی ماتەمینی

بەڕێز مامۆستا کەمال غەمبار
بە خەمو پەژارەوە هەواڵی کۆچی لەناکاوی کچی بەڕێزتانمان بیست، خۆمان بە هاوخەمتان دەزانینو هیوای دڵنەوایی و ئارامی بۆ ئێوەو بنەماڵەکەتان دەخوازین، هیوادارین ئەمە دواناخۆشیتان بێت.

مەکتەبی سیاسی
حزبی شیوعی کوردستان

کۆمەڵێك ڕووداوو کە دەبوایە بێ دەنگ تێنپەڕن

زیرەك کەمال

ئەگەرچی واباشە مرۆڤ، بەتایبەتیش ئەوانەی لە بواروکایەی ڕۆشنبیریدا کاردەکەن، لە ڕەشترینو سەختترین ڕۆژانی خۆیشیدا نائومێد نەبن، بەڵام زۆر جاریش وێنەی سیاسیو کۆمەڵێك سەر زەمینی واقیعی ئێمە دووچاری رامانو نیگەرانیو ڕەشبینی دەکەن، لە چەند ڕۆژی رابردوودا کۆمەڵێك هەواڵی هەندێ ڕووداو کە لە وڵاتی ئێمەدا ڕوویاندا، لەناخەوەو لە قوڵایی ڕۆحەوە دووچاری هەژانێکی توندو ڕاچەڵەکێنێکی قوڵی کردم، یەکەمیان شەهیدکردنی کرێکارێك لەسەر ڕێگای هەولێر-مەخمور بە دەستی مەفرەزەیەکی زێرەڤانی، دووەمیان ئەو هەواڵەی کە (رویترز) لە بارەی بارودۆخی زیندانیانی سیاسی زیندانەکانی هەرێمی کوردستان بڵاوی کردەوە، کە دەقی هەواڵەکە بریتییە لەوەی کە مافی مرۆڤ بە ئەندازەیەکی بەرچاو لەوشوێنەدا پێشێل دەکرێت، هەروەها تێکدانی مەزارو ئارامگای شاعیری داهێنەری کورد یونس ڕەئوف دڵدارو هێرشکردنی مەلایەك کە مزگەوتێکی شاری هەولێر، بۆ سەر شاعیرو ڕۆژنامەنوس ئیسماعیل بەرزنجی کە تیایدا لەسەر نووسینێك ئیسماعیل بەرزنجی بە مەلعونو کافر لە قەڵەم دەدات.

هەڵبەت هەریەك لەو ڕووداوانە دەبوایە لەسەر ئاستی جۆراو جۆر بەرفراوانترینو زۆرترین وتوێژو لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی لەبارەوە بکرێتو لەسەر ئاستی وێژدانیشدا دەبوایە ڕاچەڵەکێنێکی توند لای لایەنە بەرپرسەکان دروست بکات.

دیارە شەهیدکردنی ئەو کرێکارەش کوشتنی مرۆڤێکەو بەهەر پێوەرو پێوانەیەکیش بێت کوشتنی مرۆڤ دەچێتە خانەی تاوانەوە، بۆیەش ئەم ڕووداوە ناخ هەژێنو سوتێنەرە بەر لە هەموو شتێك کۆی ئەو لێدوانو بانگەشانە دەخاتە بەر گومانێکی قووڵ کە ڕۆژانە لە دەمی بەرپرسە جۆر بە جۆرەکانی خۆمان گوێبیستی دەبین کە باسی مافی مرۆڤو دیموکراسیەت دەکەن!، نەشدەدەبایە کوژرانی کرێکارێك لەلایەن لایەنە بەرپرسەکان بەم شێوە خەمساردیو بێ باکیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە بە ئاشکرا سەرۆکی هەرێمی کوردستانو سەرۆکی پەرلەمانو سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕۆربەی لێدوانو قسەکانیاندا ئاماژە بەوە دەکەن کە پاراستنی مافی مرۆڤو سەرەوەری دادگاو دیموکراسیەت بە ئەرکێکی نیشتمانی دەزانن، بۆیەش مافی خۆمانە بپرسین ئەوانەی لولەی تفەنگەکانیان ئاراستەی سنگی ئەو کرێکارە کردو بە کوشتنی ئەویش ئافرەتێکی گەنجیان کردۆتە بێوەژنو دایکێکی هەناسە ساردی کۆشی منداڵ پەروەردەی چ کەلتورو قوتابخانەیەکن؟ ماوەیەکە هێزەکانی نێوخۆی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی جوامێرانە دەبینن لە پاراستنی ئاسایشی وڵاتەکەمان، بەڵام نابێت، بەرپرسەکانی ئەو هێزە ئەوەیان لەبیربچێت کەوا کۆتایی هێنان بە ژیانی کرێکارێك بە گوللە تراژیدیایەکەو لە سێبەرو کایەی ئەواندا ڕوویداوە، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی بە باران خاوەنی خێزانە کوست کەوتووەکەی بزانێتو پێویستە زەمانەتی ئەوەش بکات ڕووداوی ئاوا ناخ هەژێن دووبارە نەبێتەوە.

سەبارەت بە ڕاپۆرتەکەی (رویترز)یش کە باس لە سەختیو نالەباری زیندانیەکانی زیندینخانەی کوردستان دەکات،دەبوایە هەرزوو لەسەر ئاستی حکومیو سیاسیو ڕۆشنبیریو جەماوەری دەنگدانەوەی هەبوایە، بەتایبەتیش ئەو ڕاچەڵەکینە لە هەموو زیاتر دەبوایە وەزارەتی مرۆڤ بگرێتەوە، چونکە دانانی وەزارەتێك بەم ناوە، حکومەتێك بە هەموومان دەڵێت من داکۆکی کاری مافی مرۆڤم، نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت ئێمە لە دوای ڕاپەڕینەوە دەسەڵاتی سیاسی خۆمان ناونا ئەزموونی دیموکراسیەت، دیارە بەهێزترین بیانوو پاساویش بۆ دەسەڵاتی ئەوساو ئێستاشمان لەسەر ئاستی دەرەکیو ناوەکی پاراستنی مافی مرۆڤو پرنسیپەکانی دیموکراسیەتە، ئایا بە ڕاستی ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەی ڕویترزداهاتووە تا چەند ڕاستە؟ ئایا بەرپرسانی ناوخۆی کوردستان تا چەند ڕێگای ڕۆژنامەنووسان دەدەن کە ڕاستیو ناڕاستی رویترز بۆ خەڵك ڕوون بکەنەوە؟ ئایا بەڕاستی نەبوونی شەفافیەتو داخستنی دەرگاکان بە ڕووی ڕۆژنامەنووساندا، وەڵامدانەوەی پرسیاری ڕۆژنامەنووسان لەلایەن بەرپرسەکان هۆکاری بنەڕەتی نێ کەدەزگایەکی وەکو (رویترز) بارودۆخی زیندانیەکانی کوردستان بە کارەساتو تراژیدیا لە قەڵەم بدات؟!

ئەی ئەو دەستەی لە پشت تێکدانی مەزارو ئارامگای دڵداری باوکی مارشی نەتەوایەتی کوردو دڵداری ڕووناکبیرو نوێخوازەوەیە، کێن؟

ئایا لەوەشدا مافی خۆمان نییە ئەنجامدانی ئەو کارە تێڕوێرستییە، بەدرێژەی ئەوپرۆژەو هەوڵانە بزانین کە ماوەیەك بەر لە ئێستا تیایدا هێرش کرایە سەر دڵدارو سرودی ئەی ڕەقیبو بە دژی ئایلو کۆمەڵگای کوردەواری لە قەڵەم درا؟ کە بەداخەوە لەجیاتی ئەوەی وەڵامی پێویستیان بدرێتەوە بە داخەوە ئا لەو سەروبەندو لە گەرمەی بانگەشەی تەکفیرکردنی دڵدارو سروودەکەیدا، کۆمەڵێك نێوەندی سیاسیو ڕۆشنبیر گۆڕینی ئەی ڕەقیبان کردە گەرمترین باسو هەواڵی ڕۆژنامەکان.

ئایا هێرشکردنە سەر ئیسماعیل بەرزنجی شاعیرو ڕۆژنامەنووس کە بەردەوام دەنگێکی دیارو وزەیەکی هەمیشە گەرمی نێو جەستەی ساردو سڕی کایەی ڕۆشنبیری ئێمە بووە، وێڕای تەکفیرکردنو سرینەوەی ئەویترو کوشتنی تروسکە کزەکانی دیموکراسیەتو ئازادی بیروڕا لە کوردستاندا، بە کردەو تێکەڵاوکردنی ئایین نییە بە دنیای سیاسەتو کایەی ڕۆشنبیری لە کاتێکدا ئاوێتەکردنی ئایینو سیاسەت لە نێو هەناوی خۆیدا هێزی ڕەشو تاریك پەرستیی وەکو تاڵیبانو تەور بە دەستەکانی شاخە عاسییەکانی جەزائیری بەرهەم هێنا؟.ئەوەی لە هەموش زیاتر مایەی داخو کەسەرە، ئەوەیە کە هەریەك لەو ڕووداوانە وەکو هەواڵی ساردو سڕ تێپەڕین!، سەیرەو بەراستیش سەیرە ئێمەی ڕۆژهەڵاتییەکان بۆنەی بێ بنەمار هەواڵی بێ ماناو ڕووداوی بچووکو مردو دەکەینە یادو جەژنو بۆنەی نیشتیمانیو نەتەوەییو کارەساتو پێشێلکارییەکانی دژی مافەکانی مرۆڤ وەکو شتێکی نەبوو سەیر دەکەین!!.

٣١ - ١ ڕۆژی ریفراندۆمە لە کوردستان

٣١ / ١ / ٢٠٠٥ گەلی کوردستان لەهەڵمەتێکی نیشتمانیو کەرنەڤاڵێکی مێژوویداو بەتێکڕای ئینتیماو چینو توێژو پێکهاتە ڕەنگاڵەییەکانی خۆیو لە ریفراندۆمێکی کوردستانیدا، کە بزووتنەوەی ڕاپرسی (ریفراندۆم لە کوردستان) سازی کردبوو، بەرژێوەی ٩٨٪ بەسەدەوە دەنگی بۆ سەربەخۆیی کوردستاندا بەهەڵوێست و بەئەنجامدانی ئەو پرۆسە دیموکراسیو نیشتمانیەش جارێکی تر گەلەکەمان ئەو ڕاستیە مێژوورییەی چەند پات کردەوە کە خەونو هیواو ئامانجە ستراتیژیەکانی خۆی سەربەخۆییو هێنانەدی کوردستانێکی ئازادو سەربەخۆیە.

هەڵبەت ڕاستییەکی مێژوویش هەیە ئەویش ئەوەیە کە ڕاستە سەربەخۆیی خەونو خواستو ئامانجێکی مێژوویی گەلەکەمان بووە، بەڵام بۆیەکەمین جار لەمێژوودا گەلەکەمان ئەو مەسەلەیەی لە (٣١ / ١ / ٢٠٠٥) بەشێوەیەکی دیموکراسیو مەیدانیانە و لەسەر زەمینی واقیعدا بۆ ڕای گشتی جیهانیو نارەکی بەرجەستە کرد. هەر بۆیەش لیژنەی باڵای بزووتنەوەی ریفراندۆم لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٥ / ١ / ٢٠٠٧ بڕیاریدا کە ڕۆژی ٣١ / ١ ی هەموو ساڵێك کە تیایدا ریفراندۆمە نافەرمیەکە ئەنجامدرا بکاتە ڕۆژی ریفراندۆم لە کوردستان. بەپێویستیشی دەزانین لەو ڕۆژەدا سڵاو بنێرین بۆ گەلی کوردستانو کە لەو ڕۆژەدا سەردەمیانەو سەربەرزانە شانی وەبەر خەباتێکی نوێداو وەکو گەلێکی زیندوو پێی نایە نێو دەروازەو قۆناغێکی نوێوە.

بزوتنەوەی ریفراندۆمی کوردستان
زیرەك کەمال / وتەبێژی ڕەسمی بزووتنەوەی ریفراندۆمی کوردستان

درێژەی . . . . لێدوانی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان

کۆبوونەوەکە لەهەمان کاتدا پرسی داماڵینی چەکەکانی میلیشیاکانی خستە بەرباس، بەو پێیە کە ئیستحقاقێکی بنەڕەتییەو دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتەکەی ماڵیکیو، پێویستە حکومەت بەخۆکەوێو فشاری سیاسی بەکاربهێنێ تاکو ئەم ئەرکە جێبەجێ بکات هاوشانی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دیکەی حکومەت لەدابینکردنی ئاسایشو، پەلەکردن لەبنیاتنانو چەکدارکردنو ئامادەکردنی هێزەکانی حکومەتوسپاردنی دۆسێی ئەمنیو سەربازی لەبەغداو پارێزگاکاندا پێیان.

حزبمان جەخت دەکاتەوە کە چارەسەرکردنی دۆسێی میلیشیکانو نەهێشتنیان سەرەتایەکی گرنگە بۆ کۆتێژکردنی دۆسێی ئاسایش لەرێگەی گرێدانی ئەم دۆسێیە بە پرسی ئاشتەوایی نیشتمانی کە ئێستا کۆسپی لەبەردەمدایە. ئەمە لەلایەکیان، لەلایەکی دیکەدا پێویستە ڕێوشوێنی ئابووری بگرێتە بەرو پێداویستییە بنچینەییە ڕۆژانەییەکانی جەماوەریش دابینکرێن بۆ هەمان مەبەست. پێویستە ڕێوشوێنە بەرجەستەکانی لایەنی ئاسایشو هەنگاوە سیاسیەکان هاوشان بن لەگەڵ گرتنەبەری سیاسەتێکی ڕۆشن لەلایەن حکومەتەوە لەبواری ئابوورییدا بەمەبەستی خزمەتگەیاندن بەزۆرینەی جەماوەر. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ لەم بوارەدا ئەوەیە کە حکومەت بڕیاری کەمکردنەوەی پاڵپشتی بەروبوومەکانی نەوتی داوە لەبودجەکەیدا وەك گوێرایەڵیەك بۆ سەندوقی نەختی نێودەوڵەتی، ئەم ئاراستە نێگەتیڤەش ئاستەنگی جیددی دەنێتەوەو هەست بە کەمبوونەوەی بەرچاوی ئەو بەروبوومانە دەکرێو تێچووەکانی بژێویش تادێ زیاتر دەبێ.

بڕی تەرخانکراو بەدۆلار هەروەك خۆی ماوەتەوە، کەچی دۆلار بەرامبەر بەدیناری عێراقی بەهەمان نرخی پێشووی نییە. بەگشتی مۆرکی بودجە نابەرهەم هێنەرو هیچ ئاراستەیەکیش نییە بۆ وەگەڕخستنەوەی کارگەو دامەزراوە لەکارکەوتووەکان. لەهەمان کاتدا بڕە پارەی تەرخانکراو بۆ هەر دوو کەرتی کشتوکاڵو پیشەسازی وەك پێویست نییە.

کۆبوونەوەکە ئاماژەی بەوە کرد کە گۆڕەپانی عێراقی، بەشێوەیەکی گشتی، هێشتا کۆمەڵێك ناکۆکی جۆراوجۆرو ئاڵۆز بەخۆیەوە دەبینێو، لێکجیابوونەوەی بەردەوامی هەڵوێستە سیاسیەکانی ئەو باڵە ڕکابەرانە لەچوارچێوە گشتیەکەیداو تەنانەت لەنێو چوارچێوەی هەر باڵێکیشدا بەجیا، بەرچاو دەکەوێو هەستی پێدەکرێ سەرباری جیاوازی چینایەتی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و بەرفراوان بوونی قەبارەی تێژە پەراوێزخراوەکان. کۆی ناکۆکیان کاری کردۆتە سەر باری سیاسی گشتی ئەو بەرنامانەی پەیوەستن بە پرۆسەی سیاسی ئێستاکە لە عێراقدا کە پەیوەستە بە بنیاتنانەوەیدەوڵەتی عێراق بەپێی گرێبەستێکی سیاسی- کۆمەڵایەتی نوێ بەجۆرێ هەمور پێشهاتەکانی گەلی عێراقو سەرجەم هێزە سیاسییە جیاوازەکانیشی تێدا بەشدار بن.لەم بارەیەوە حزبمان لەچاردێری کردنو بەدواداچوونی بارودۆخەکانی گۆڕەپانی عێراق بەگشتی بەردەوام دەبێو، پەیوەندییەکانی ڕۆژانەی لەگەڵ حزبی شیوعی عێراق پتەوتر دەکاو، پەیوەندی نێوان هێزەکانی هاوپەیمانی کوردستانی کە خۆی تێیدا بەشدارە و هەروەها لەگەڵ هێزەکانی ڕەوتی دیموکراسی لە عێراقدا پەرەپێدا لەپێناوی خزمەتکردنی کێشەو دۆزی دیموکراسیو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو فیدرالیزم.

بەهەمان شێوە کۆبوونەوەکە تەوەرە بنچینەییەکانی پێشهاتی دۆخی کوردستانی خستە بەرباسو ئاماژەی بەوەدا کە پەیوەندی حکومەتی هەرێم لەگەڵ ناوەندا بەشێوەی پێویست نەبووە بەپێی ئەو میکانیزمانەی کە لەدەستووری عێراقی فیدرالدا ئاماژەیان پێکراوە. بۆیە گەلێ کێشە ماوەیەکی درێژە بەهەڵواسراوی ماونەتەوە، لەوانەش ئەو بودجەیەی کە پێویست بوو بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان بکرێت، لەبودجەی عێراقی فیدرالدا، کەوتۆتایی ساڵی ٢٠٠٦دا چارەسەرکرا. پرسی کەرکوك خانەقیو یەکە ئیدارەکانیو، ناوچەکانی (شەنگاڵو دەشتی موسڵو، زومار، تەلەعفەر، لادێو کۆمەڵگاکانی سەر بەو ناوچەیە)و گەلێ لەوناوچانەی دیکەش دەکەونە چوارچێوەی مادەدەی (١٤٠) و، وەکو کێشەی گرێدراو هەڵواسراو ماونەتەوە کە پێویستیان بەچارەسەر هەیە بەپێی ئەو ئستحقاق و میکانیزمانەی لەدەستووری عێراقی فیدرالدا هاتوون.

حزمان لە مامەڵەی لەگەڵ مەسەلەی کوردستانی بوونی ئەو ناوچانەدا جەخت دەکاتە سەر پێویستی پاکتاوکردنی ئاسەواری دیکتاتۆری و نەهێشتنی ڕەنگدانەوەی بەسەر بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیان، بەتایبەتیش لەبواری پەیوەندی نەتەوەییەداو چارەسەرکردنی بارودۆخی ئەو ناوچانە بەشێوەیەك لەشێوەکانی دابینکردنی ڕاستی و حەقدان بە قوربانیانی ڕژێمی لەناوچوو، هەروەها ڕاستکردنەوەی ڕێرەوی کێشەکانو بەسروشتی کردنەوەی بارودۆخەکە و، لەو باوەڕەدایە بەگەڕانەوە بۆ ڕای دانیشتوانی ڕەسەنی نیشتەجێی ئەو ناوچانەو نەهێشتنی ئاسەوارەکانی سیاسەتی تەعریبی زۆرە ملێیانە کێشەکان چارەسەر دەکرێن. بەڵام ئەگەری جێبەجێنەکردنی مادەدەی (١٤٠) لەدەستوردا لەماوەی ساڵی ٢٠٠٧دا هێشتا لەئارادایە. سەرباری دابەشکردنی پارچە زەویو بڕە پارەی دیاریکراو بەسەر کەسانی شیاو بەپێی مادەدەی ناوبراو، هێشتاکە سەختە قۆناغی یەکەمی جێبەجێکردنی ئەم مادەدەیە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا کۆتایی پێبێت کە بڕیاربوو کۆتایی مانگی ئاداری ٢٠٠٧ بێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەری دەستپێکردنی قۆناغی دووەم لەئارادا نییە. لێرەدا جەختکردنەوە لەسەر بەردەوامی لە جێبەجێکردنی ئیستحاقە دەستوورییەکانو ئامادەکردنی کەشو هەوای لەبار کارێکی پێویستەو دەخوازێ، یەکەم هەوڵی هێزە کوردستانییەکان لەو ناوچانەی مادەدەی ١٤٠ دەیانگرێتەوە، یەکبخرێو دوورکەونەوە لە هەرشتێك کەشو هەوای کاری هاوبەش ئاڵوودە دەکا، ئەمەش نەك هەر لەسەر ئاستی سەرکردایەتی هێزە کوردستانییەکان لەو ناوچانەدا، بەڵکو لەنێو هێزە بنکەییەکانی ئەو هێزانەو ئاراستەکردنی کادیران و ڕێکخراوە حزبییەکانی ئەو لایەنانە بەرەو کاری خۆبەخشانەی هاوبەشی جەماوەرییانە بەجۆرێك کە خزمەت بەو ناوچانەو جەماوەرەکەی بگەیەنێت. پێویستە پەیوەندی لەگەڵ دانیشتوانی ڕەسەنی ئەو ناوچانە لە تورکمانو عەرەبو کلدان و ئاشور و سریان و هێزە سیاسییە ڕاستەقینەکانیان پتەو بکرێتو، لەگەڵ ئەوانەش کەروو لەوێ دەکەن بەشەفافیەت ڕەفتار بکرێت.

کۆبوونەوەکە باسی لەهەڕەشەی وڵاتە هەرێمایەتییەکان کردو لەو بارەیەوە مەکتەبی سیاسی حزمان ڕاگەیاندنێکی سەبارەت بە هەرەشەکانی تورکیا دژ بە کوردستان بڵاوکردۆتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی ئاراستەی مامەڵە کردن لەگەڵ هەڕەشەکانی ئێستا و بگرە لەگەڵ هەرەشە چاوەڕوانکراوەکانی ئایندەشدا لەلایەنە هەرێمایەتی و دەولییەکان پێویستە لەڕێوشوێنێك سەرچاوە بکرێت کە سیمای حیکمەتو خۆپاراستن لەکاردانەوەی خێراو، زمانی گەفو گوڕ بەیەکتری، داماڵینی فتیلی ململانێکان، جەختکردن لەسەر پاراستنی بەرژەوەندی یەکتریو تەئکید کردن لەڕێزگرتنی سەروەری نیشتمانی سەرجەم وڵاتانی ناوچەو ئازادی ئیرادەی گەلانیان، هەروەها گەڕان بەدوای چارەسەرێکی دیموکراسی ئاشتیانەی ڕەوا بۆ کێشەکانی ناوخۆییو دەستێوەردانەدانی کاروباری ناوخۆیی یەکتریو پەیوەست بوون بە بنەماکانی یاسایی نێودەوڵەتیو بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لە مامەڵە لەگەڵ یەکتریدا.

لەچەند مانگی ڕابردوودا، جۆرێك لەدڵەڕاوکێ نێوەندی جەماوەری و هێزە سیاسییەکانی گەلەکەمان لەبەرامبەر ڕاپۆرتەکەی بیکەر - هاملتون گرتبووە، چەندین کۆبوونەوەوچالاکی بۆ حزبو هێزە کوردستانییەکان سازدرا، کە دەربڕی ناڕازیبوون لەنێوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە دەردەخست، بەتایبەتی ئەو مەسەلانەی پەیوەندیان بەدەستوورو جێبەجێکردنی مادەدەی(١٤٠) و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پیاوانی ڕژێمی پێشووهاتبوو، ئەو ناڕەزایی دەربڕینە بەسنورداری مایەوە تارادەیەکیش دوای ئەوەی هەندێك نێوەندی سیاسی ڕایانگەیاند کە بەڵێنی دڵنەواییان لە ئیدارەی ئەمریکی وەرگرتوو...دەگوترێ گوایە بەم هەوڵانە ڕاپۆرتەکە زیندە بەچاڵکرا !

هەروەها بۆئەوەی تابڵۆ سیاسییەکە لەبەر چاوی جەماوەری گەلەکەمان ڕوون بێت، پێویستە بڵێین کە هەندێك هێڵی سەرەکیو بڕگەکان ڕاپۆرتی ناوبراو ڕێگای خۆی لەپلانە نوێیەکەی سەرۆکی ئەمریکا بوش گرتۆتەبەر. بۆیە حزبمان دەستنیشانی ئەو کێشەیە دەکات کە پێویستە بەردەوام جەختی لێبکەیەنەوە، ئەویش چۆنیەتی مامەڵەکردنە لە گەڵ فاکتەرە دەرەکیەکان، لەو بارەیەوە باشە جیاوازی بکرێت لەنێوان خۆبەستنەوە بەهۆکاری دەرەکی وەك ئێستا پیادە دەکرێت ولەنێوان چۆنیەتی سوود وەرگرتن لەفاکتەری دەرەکی وەك حزبمان داوای دەکات.

پەیوەست بوون بەهۆکاری ناوخۆیی خۆی لەپشت بەستن بەئیرادەی گەلەکەمانو توانای تێکۆشانو بڕیاری ئازادانەی نیشتمانی کوردستانی لەسەر بنەمای یەکڕیزی هێزە سیاسییەکانی دەبینێتەوەهەر لەو ڕوانگەیەشەوەلەگەڵ پێشهاتە نێودەوڵەتییەکاندا مامەلە بکرێت.

بەهۆکاری ناوخۆیی پێویستی بەداکۆکی کردن لەدەستکەوتەکانی گەلی کوردستانو بەرهەڤکردنی پێداویستیە سەرەکییەکانی جەماوەر، بەتایبەتی سوتەمەنیو کارەبا کە بوونەتە خەمێکی گەورەی سەرشانی هاوڵاتی و لەگەڵیدا چەند دیاردەی دیکەی ناحەز دروستبووە لەوانە دانانی پێوانەی بەحزبی بوون بۆ دامەزراندنو وەرگرتنی پۆستو بەرپرسیارێتی ئیداری،هەروەها دابەشکردنی زەوی نیشتەجێبوونو زەوی کشتوکاڵیو ناوچە گەشتیارییەکان بەشێوەیەکی ڕەمەکی، هەروەها فراوانبوونی جیاوازی نێوان داهاتی تاکەکانو زیادبوونی پێداویستی بژێو و فراوانبوونی مەودای مووچەو نرخی بازاڕ.

لەژێر سێبەری بارێکی وەهادا، چەندین کێشە لەبەرامبەر کاری ئیداراتی حکومەت سەرهەڵدەدەن، یەکێك لەو کێشانە دانانی بودجەی ساڵانەی هەرێمە، کە ڕێژەیەکی زۆری بۆ مووچە تەرخانکراوە کە دەگاتە نزیکەی ٦٨٪ی هەموو بودجەکە، کەچی ڕێژەی کارپێکراو لە وڵاتاندا لەنێوان ١٨٪ - ٢٢٪ دایە.

ئەو کێشە هاوکاتە لەگەڵ دیاردەی بێکاری داپۆشراوو گرفتەکانی گەندەڵی ئیداری، لێرە لەجیاتی ئەوەی بیر لەدەزێنەوەی ڕێگا چارەو توێژینەوەی زانستی بکرێتەوەو هەڵی کار لەدەرەوەی دایەرەکانی حکومەت بدەزرێتەوە، کەچی کار دەکرێت بۆ ڕێکخستنی فۆرمی ئەوانە تۆڕی چاودێری و زەمانی کۆمەڵایەتی لەئایندەدا دەیانگرێتەوە، ڕێکخستنی ئەو فۆرمانەش لەڕێگای ڕێکخراوە حزبییەکانی هەردوو لایەنی سەرەکی حکومەت ئەنجام دەدرێت، لەگەڵ ئەوانەشدا دیاردەی خەرجی زیادە بێ پاساو درێژەی هەیەو شەفافیەتیش لەبواری وەربەرهێنان بەرهەڤ نییە.

کارنەکردن بۆ چارەسەری ئەو دیاردە نێگەتیڤانە ڕەنگە تەنگەژەکان قوڵتر بکاتەوە ئەوەش کاردانەوەی خراپی بەسەر جەماوەر دەبێت لەپشتگیری کردنی کێشە نیشتمانییە ڕەواکانمان.

هەروەها لەکۆبوونەوەکەدا چالاکییەکانی بزووتنەوە جەماوەرییەکان تاوتوێ کرا، کە لەو ماوەی ڕابردوودا چالاکی جەماوەری بەخۆیەوە بینی، حزبمان داوای لە هاوڕێیانو ڕێکخراوەکانی کرد کە شێوازی خەباتی مەدەنیو ئاشتەوایی بکەن بە بەرنامە بۆ ئاراستە کردنی جەماوەر لەپێناو داخوازییە ڕەواکانیان، جەختیشی لە ڕێزگرتنو پیادەکردنی مافی خۆپیشاندان کرد، کە ئەوە مافێکی ڕەواو دەرەوەتی دیموکراسی شارستانییەتە، بەڵام زۆر پێویستە خۆپیشاندەران دامو دەزگا گشتییەکانو سامانی گشتی بپارێزن لەکاتی ئەنجامدانی خۆپیشاندانداو، هەروەها ئەرکی حکومەتە لە ئاست داخوازییەکانی جەماوەربێت و کاری جددی بۆ بکات، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە چارەسەرکردنی قەیرانەکانی سووتەمەنیو وزەی کارەباو پێداویستییە هەنووکەییەکانەوە هەیە.

کۆبوونەوەکەی کۆمیتەی ناوەندی جەختی لەسەر هێڵە سیاسییەکانی حزب، لە بوارەکانی پەیوەندی نیشتیمانیداو بەهێزکردنی گیانی هاوکاریو هاوخەباتی لەگەڵ حزبە کوردستانییەکاندا کرد، لەو ڕوانگەوەکە بەرگریکردن لەداخوازیو پێداویستییەکانی جەماوەرو بەرگریکردن لەوزەی نیشتمانی کوردستانی پێکەوە گرێ بدات.

لە هەمانکاتدا گرنگیدان بە پتەوترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ گشت هێزە کوردستانییەکاندا بەتایبەتی لەگەڵ لایەنی سەرەکی دەسەڵاتدا. بەردەوام حزمان پەیوەندییەکی سروشتی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕێگای نوێنەرانی حزبەوە هەبووە، ئەمەش لەڕێگای ئەوانەی بەشداربن لە دەستەی نوێنەرایەتی حکومەت و ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانو پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیراندا، هەروەها حزمان هەوڵ ئەدات بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی جەماوەرو بە ڕەسەنکردنی هەموو بەهایەکی پێشکەوتنو بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگاو هەرچییەك پەیوەندی بە کاروباری گشتییەوە بێت.

حزمان لەو باوەڕەدایە کە ئەم قۆناغە پێویستی بە هەڵوێستی هاوبەشو جددی هەیە لەلایەن هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە، دبێ هەموو بەشداربن لەدیاریکردنی ئەو کۆسپو تەگەرانەو کەموکوڕییانەی کە هەن، لەو ڕوانگەیەی کە گشت لە دەسەڵاتدا بەشدارن. دەستبەکاربوون لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی ئەو سەلبیاتانەی کە هەن بەپێی بەرنامەیەکی نیشتمانی تۆکمەی هاوبەش لە سەر بنەمای تەواوکردنی چەمکی دەولەتی موئەسەساتی بنیات نرابێوکاراکردنی ڕۆڵی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانو حکومەتی هەرێم و دامەزراندنی دەستەی نەزاهەت لەهەرێمدا، دانپێدانانی دەستورێکی دیموکراسی مەدەنی عیلمانی لەکوردستاندا وبەشداریپێکردنی هاوڵاتیان لە دارشتنی بڕیاری سیاسیدا.

کۆبوونەوەکە ئاماژەی بەوە کرد کە ئاراستەی زانستی دروست وتوێژینەوەی لەسەرخۆی واقعبینانە هەرچەندە زۆر گرنگیش بێت لە توانایدا نابێت بەبێ خەباتی مەدەنی ئاشتەوایی واقعی کۆمەڵایەتی بگۆڕێت، کە ئەوەش لەمیانەی چالاککردنی کاری ڕێکخراوە حزبییەکانماندا فۆرمەلە دەبێت لەڕێگای بەپرۆگرامکردنی کارەکانیانو ئاراستەکردنییان ڕوەو ڕێکخستنو تەیارکردنی جەماوەرو بەرگیکردن لەبەرژەوەندییەکان، ئەمەش لەمیانەی پەیڕەوکردنی ڕۆڵی بنەڕەتی ئەو ڕێکخراوانە دێت لە وینا کردن و دارشتنی دروشمی بزووتنەوەی جەماوەری لە ناوجەرگەی خودی جەماوەرەکەدا نەك لە پەراوێزدا، هەروەها هەوڵبدرێ بۆ پەرەپێدانی شێوازەکانی کاری سیاسیمانو گەڕان بەدوای هەرچی بە سوودو بەرهەمدارترە، ئەویش لەمیانەی گەڕانەوە بۆ واقیعو دیراسەتکردنی تابلۆی سیاسیوئەو هێزانەی کە بە بەرنامەو گوتار و پەیڕەوی سیاسیانەوە کاریگەرییان بەسەرییەوە دەبێت .